ی - افراد چندزبانه (کسانی که علاوه بر زبان مادری، زبان‌های دیگری نیز بلدند) انعطاف‌پذیرتر هستند، موقعیت‌ها را از چشم‌اندازها و دورنماهای مختلف می‌بینند و در محیط‌های چند فرهنگی راحت‌تر عمل می‌کنند. درواقع هر زبانی روزنه و پنجره‌ای برای شناخت جهان فراهم می-کند و هر چه تعداد این روزنه و پنجره‌ها بیشتر باشد فرد بهتر می‌تواند به بیان احساسات خود بپردازد و درک بهتر، شفاف‌تر و درنتیجه منطقی و درست‌تری از جهان داشته باشد. این افراد در یادگیری زبان‌های دیگر نیز بهتر عمل می‌کنند.

۳۰۰۰ زبان در معرض خطر و نابودی

امروزه در حدود ٦۸۰۰ زبان در سراسر جهان وجود دارند که به لحاظ تعداد گویشور باهم فرق می‌کنند. از این تعداد، ۱۱ زبان هرکدام ۱۰۰ میلیون نفر گویشور بومی یا بیشتر دارند یعنی ۵۱ درصد جمعیت جهان به این زبان‌ها صحبت می-کنند. این زبان‌ها عبارت‌اند از: چینی ماندرین، انگلیسی، اسپانیایی، عربی (با همهٔ گونه‌هایش)، هندی، پرتغالی، بنگالی، روسی، ژاپنی، فرانسوی و آلمانی. ۲۰۰ زبان هم‌زبان ٤٤ درصد از جمعیت جهان هستند. این بدان معناست که بیش از ٦۰۰۰ زبان توسط گروه‌هایی کمتر از ۱ میلیون نفر (هرکدام) تکلم می‌شوند و حتی برخی از آن‌ها کمتر از هزار نفر گویشور دارند. به‌عبارت‌دیگر، ۹۵ درصد زبان‌های دنیا توسط ۵ درصد جمعیت جهان تکلم می‌شوند.

طبق برآورد یونسکو، سه هزار زبان در سراسر جهان در معرض خطر و نابودی هستند. زبان‌های در معرض خطر به زبان-هایی گفته می‌شود که در یکی از سه وضعیت زیر قرار داشته باشند: الف) کودکان دیگر این زبان‌ها را به‌عنوان زبان مادری در خانه یاد نمی‌گیرند (قطعاً در معرض خطر). ب) پدربزرگ‌ها و مادربزرگ‌ها یا نسل مسن‌تر از آن‌ها به این زبان‌ها تکلم می‌کنند و درحالی‌که پدر و مادرها این زبان‌ها را می‌فهمند و متوجه می‌شوند اما با کودکان یا با خودشان به این زبان‌ها صحبت نمی-کنند (شدیداً در معرض خطر). ج) جوان-ترین گویشوران این زبان‌ها پدربزرگ‌ها و مادربزرگ‌ها و نسل‌های مسن‌تر از آن‌ها هستند و آن‌ها نیز به‌طور کامل از این زبان‌ها استفاده نمی‌کنند (وضعیت بحرانی). زبان مرده و خاموش نیز زبانی است که هیچ گویشوری ندارد یعنی دیگر کسی به آن صحبت نمی‌کند.

هَورامی در جرگهٔ زبان‌های در معرض خطر

یونسکو تعدادی از زبان‌های ایرانی ازجمله هَورامی را جزو زبان‌های در معرض خطر معرفی کرده است و هشدار داده است که اگر اقدامات لازم، مناسب و به‌موقع در این زمینه انجام نگیرد خطر نابودی و خاموشی این زبان حتمی است. یکی از مهم‌ترین عوامل ماندگاری یا نابودی یک زبان گویشوران آن زبان هستند؛ به قول شاعر: «به غمخوارگی چون سرانگشت من/ نخارد کس اندر جهان پشت من». نحوهٔ نگرش، اقدام و عمل گویشوران یک زبان می‌تواند در ماندگاری یا نابودی زبانشان نقشی تعیین-کننده داشته باشد. به‌عنوان‌مثال، همان‌گونه که اشاره شد، آنچه سبب شد زبان بنگالی ملی و رسمی اعلام شود تلاش گویشوران این زبان به‌ویژه قشر تحصیل‌کرده بود.

یکی از مهم‌ترین عواملی که باعث شده است هورامی در جرگهٔ زبان‌های در معرض خطر قرار گیرد شیوهٔ عملکرد گویشوران این زبان است. به‌عنوان نمونه، متأسفانه معمولاً کودکانی که زبان پدر و مادرشان متفاوت است یعنی زبان یکی از آن‌ها هورامی و زبان دیگری زبانی غیر از هَورامی (فارسی، کردی سورانی یا هر زبان دیگری) می‌باشد، اصولاً هورامی بلد نیستند. به‌عبارت‌دیگر، کودکان دیگر این زبان را به‌عنوان زبان مادری در خانه یاد نمی‌گیرند یعنی هورامی به لحاظ در معرض خطر بودن در وضعیت «الف» (قطعاً در معرض خطر) قرار دارد. زبانی که این کودکان فرامی‌گیرند هر زبان دیگری غیر از هورامی است. اگر از والدین این کودکان در این رابطه سؤال شود معمولاً به استدلال‌های آبکی و سست، سطحی و بی‌پایه و اساس متوسل می‌شوند ازجمله اینکه فراگیری هم‌زمان دو یا چند زبان توسط کودک امکان‌پذیر نیست و سبب می‌شود که وی هیچ‌کدام را درست فرانگیرد؛ استدلالی که نه‌تنها مبنایی علمی ندارد بلکه به لحاظ علمی عکس آن صادق است یعنی اگر کودک در طول دورهٔ بحرانی در معرض نه‌تنها دو زبان بلکه چندین زبان قرار گیرد این توانایی را دارد که همهٔ آن‌ها را به‌طور کامل فراگیرد. دورهٔ بحرانی از بدو تولد تا سن بلوغ است. به‌علاوه، به فرض این استدلال هم درست باشد آنگاه پرسش بعدی این است که چرا و برچه اساسی باید کودک هورامی را فرانگیرد بلکه زبان دیگر را فراگیرد یعنی در انتخاب بین دو زبان که کودک باید فراگیرد چرا باید زبان دیگر (غیر از هورامی) انتخاب شود؟ برعکس، هر پدر و مادر عاقل، منطقی و آگاه به حقوق کودک خود تلاش می‌کند در خانه به هورامی با کودکش صحبت کند و شرایطی را فراهم نماید که وی نخست هورامی را فراگیرد چراکه محیط بیرون از خانه باعث می‌شود زبان دیگر (فارسی، کردی سورانی و غیره) را یاد بگیرد. والدینی که زبانشان یکی نیست باید بدانند و به این سطح از درک و فهم برسند که این حق کودک آن‌هاست که زبان هردوی آن‌ها (هر زبانی که باشد) را به‌درستی فراگیرد و در حقیقت زبان مادری چنین کودکی هم‌زبان پدر و هم مادر اوست و وظیفهٔ آن‌هاست در این زمینه از هیچ کوششی دریغ نکنند. در غیر این صورت، هیچ استدلال منطقی غیر از عدم آگاهی، عادات فرهنگی غلط، ندانم-کاری و ظلم در حق کودک خود نمی‌تواند اقدام آنان را توجیه نماید و قطعاً در زمان مناسب بابت اهمال در این کار مورد مؤاخذه و سرزنش قرار خواهند گرفت.

جملات قصار تنی چند از بزرگان دربارهٔ اهمیت زبان مادری

- زبان ارزشمندترین میراث یک ملت است (شوپنهاور).
- اگر زبان ملتی از بین برود آن ملت هم از صحنهٔ هستی خارج می‌شود (هایدگر).
- زبان من جهان من و جهان من زبان من است (ویتگنشتاین).
- اگر بخواهند شمارا وابسته سازند نخست سراغ زبانتان می‌روند (استوارت میل).
- اگر با فردی به زبانی که می‌فهمد صحبت کنید حرفتان به مغزش می‌رسد اما اگر با او به زبان مادریش صحبت کنید حرفتان به دلش می‌نشیند (ماندلا).
- فردی که زبان مادری خود را نداند همانند فردی است که کلید زندانش گم‌شده باشد (دوده).
- اگر پدران و مادران معتقد باشند و بدانند زبان آن‌ها مهم و ارزشمند است به زبان خود با بچه‌هایشان صحبت می‌کنند (جورج برادون).
- کسی که زبان مادریش را نداند و یاد نگیرد وحشی است (مَثَل فرانسوی).

کۆڵبەرنامە
چیرۆکی ژێرهەرەس

پێشکەشە بە ڕۆحی هەموو کۆڵبەرانی گیانبەختکردووی ڕێگای نان و ژیان

■ ئەمجەد حەیدەری

قەتارێک تارمایی، بەریز لە دڵی شەوەزەنگدا ملی ڕێگایان گرتووە و هەر جمەیان دێ. خرمەی بەستەڵەک و بەفری ژێر پێیان خەوبان لە چاوی چیا زراندووە و کۆکە و هەناسەبڕکێ تێکەڵی لووڕەی جارجارەی سەرلووتکەی چیا دەبێت و ترس هەتامۆخی ئێسقان دەزریکێنێ...

«ڕێبوار» جامانەکەی لە سەرو ملی پێچاوە و هەردوو دەستی لە شریتی کۆڵەکەی توند کردووە. پەیتا پەیتا سەر هەڵ ئەبڕێ و ئارەقی نێوچاوانی بە قۆڵی پاڵتاوەکەی ئەسڕێ و دەڕوانێتە ناوقەدی شاخ و ئەمجارەیان ئەژنۆکانی زۆر بێهێز دەنوێنن.

ڕەشەبایەکی قایم هەڵدەپێچێتە ناو بناری کۆیستان و دەیکا بە بۆران و لە ناو دەوەنەکاندا وەک جەردە پەلاماری قەتاری کۆڵبەرەکان ئەدا.

پرووشکەی بەفر و ئارەقی ناوچاوانی وەک قامچی، سەر تەوێڵ و ڕوومەتی دەخاتە ژان و هەڵمی هەناسەی ئەوەندەی تر دەیهێنێتە سۆ. خەیاڵ هەڵی دەگرێ. هەر دوو لاقی لە کۆنترۆڵی دەرچوون و دوای هەموو خلیسکانێک تەزوو لە تەوقی سەریەوە بە هەموو لەشیدا دەگەڕێ. جارێکی تر خەیاڵ دەیباتەوە: کازیوە گیان ئادەی وەرە بزانە بابە چی بۆ هێناویتەوە؛ دەی چاوەکانت بنووقێنە جا ئەتدەمێ! کازیوە بووکەڵەکە توند بەسنگەوە دەنووسێنێ و هەر دوو چاوەگەشەکانی بریسکەی شادی دێت و کۆڵمە ئاڵەکانی سوور هەڵدەگەڕێ؛ باوەش بە ملی باوکیا ئەکا و ڕێبواریش تێر ماچی ئەکا.

کرێوە و بۆران ڕوو لە زیاد بوونە و چاو چاو نابینێ. لە دوێنێوە ئەژنۆیەک بەفر باریوە؛ کۆڵبەرەکان ڕێگایان لێ هەڵە بووە و شەکەت و ماندووبە کوێستاناهەڵئەگەڕێن.

دوکتۆر گیان تۆخوا فریامانکەوە، بەشکەم عیلاجێ شەفایەک لای جەنابتان بێ! بەو غەوسەی لەنگەری بەغای گرتووە هەرچی هەس و نییەسم ئەیفرۆشم، بەشکەم خێزانم چاک بێتەوە.

قەتاری کۆڵبەرەکان تەنک کەوتوون. چەن کەسێکیان بەجێماون و هیچ دیارنین. قورعانە گەورەکەی نگڵ بەسەلامەت بگەڕێینەوە ناومااڵ و خێزانمان.

ئای ئەختەر، چەنێ بڵێم ئەونە خەفەت مەخۆ. ئەی دوکتۆر نەیوت خەفەت وەک سەم وایە بوت؟! ئەم دەرمان و دەرزیبانە، تازە لە دەرمانخانە وەرم گرتووە؛ بەیانی بە تویتاکەی کا ڕۆسەم ئەڕۆین بۆ مەریوان ئەیوەشێنین. مەولوویم نەزر کردووە ئیشەڵا چاک ئەبیتەوە و کراسێکت بۆ ئەسێنم بەدڵ خۆت. ئێژن ئەم دوکتۆرە تازە لە خارج هەتووەتۆ؛ مەکتەبەکەی زۆر قەرەبااڵغە.

کوواڵک و کرێوە سەری لە ئاسمانیش تێک داوە. لەپڕێکا سەری گێژ دەخوات و کڵێڵە بەفری ژێر قاچی ئەتەپێ و وەک گوڵۆڵەبەن تلێر ئەبیتەوە. «حەزرەت غەوس... پیران تەریقەت ئاگات لێم بێ».

کۆڵەکە لە پشتی دائەکەوێ و وەک تەزبیحی چڕاوهەریە کەوبەاڵیە کا ئەپژێ:

ئای باوکەڕۆ چۆن ڕەنج بەخەسار بووم؛ باشە چی جواب بدەمەوە؟

مام ڕەحمان... هیوا... سمای... ئەرێ لە کوێن بۆ دەنگتان نییە؟!

هەڵئەسێتەوە سەرپێ. دەستێ دێنێ بە سەروڕیشیا بەفرەکە بسڕێتەوە، هەست بە هیچ ناکا؛ پەنجەکانی ژانی تێزاوە و بیشیبڕن بەخۆی نازانێ. شریفێک لە کۆڵەکەی، دوو سێ گوریس ئەوالتڕوەتە کەتووە.

-بابە، بابە گیان ئەها نمرەکانم سەیرکە، من و هەاڵڵەزیرەکترین قوتابیی پۆلەکەی خۆمانین. باشە باوانەکەم با ئەمجارەیان بێمەوە یەک دەستە قەڵەم ڕەنگی جوانت بۆ ئەسێنم.

مام ڕەحمان ئەمە تۆی؟... ئۆخەی. ئای چیمان بەسەرهات! ئەگەر لە ترسی ئەوسەگبابانە نەبوایە، بۆ خۆمان ئەخستە ناو ئەم بەاڵیە و خۆمان ئەدا لەم کوێستانە بەرز و پڕ مەترسییە. ماشەاڵ ئەمسااڵ بەفر قەرەبووی ساااڵنی ڕابردووی کردۆتەوە و عەرز و ئاسمانی گرتووە. دەخیلتم مام ڕەحمان تۆ کۆنە ڕاوچی و شارەزای ئەم شاخەی بەشکەم دەرباز بین.

باوکی ئەختەر دووکەڵی تووتنەکەی لە کونەلووتیەوە وەک ڕەشمار دەر ئەکا و پیرۆزبایی ئەڵێ بە کاک زۆراب. ڕێبواریش خێرا پەلاماری دەستی خەزووری ئەدا و ماچی ئەکا... دەنگی چەپڵە و گۆرانی لە دەور ئاواییشەوە دێتە گوێ و ڕێبوار لە شەرمان سوور هەڵگەڕاوە.

بەخوا مام ڕەحمان ئەم ئێوارە دایکم زۆر تکای کرد نەیەم بۆ کۆڵ؛ ئەیوت ڕۆڵە من ئەم قژەم لە ئاشا سپی نەکردووە، لە کوێستان بەفر زۆر ئەبارێ و دڵم ها لە مشتما، حەز ناکەم ئەم سەفەرە بڕۆی بۆ کۆڵ؛ ئەختەر و کازیوە بێنە بۆ ئێرە؛ کولێرە و مەژگە ئەکەین و ئەمشەو پێکەوە ئەبین. ئەرێ مام ڕەحمان ئەم ڕێگە زۆر غەریب دێتە بەرچاوم؛ دنیاش زۆر بێدەنگە. ئەمە چوار ساڵە خەریکی کۆڵبەری و ڕۆژڕەشیم، نازانم بۆ دنیام لێ بووە بە چەرمە چۆڵەکەوە.

کورە بەتوون... بەس ئەمجارە نەجاتمان بێ و بێوەی بگەڕێینەوە، تەاڵقی لێ ئەخۆم کۆڵبەری ناکەم و کۆڵ بۆ باوکیشم هەڵ ناگرم. ئەڕۆم بۆ تاران... کورە چوزانم بۆ ئەوشارانە بۆ کرێکاری، خۆ سەری دنیا بە پووش نەگیراوە.

یەک پشتوێن بەفر باریوە؛ برسیەتی و سەرما هێزی بۆ نەهێشتووەتەوە. هەر دوو دەستی دەکا بە ناو دەمیا و هەتا هێزی تیایە هااڵوی ناو دەمی پیا ئەکا.

تف لەو چارەنووسە؛ چۆن ئەم شەوگار و بەفرە نابڕێتەوە.

مام ڕەحمان بە گۆچان ڕێگا ئەپشکنێ و تا کامەی گۆچانەکەی نوقمی بەفر ئەبێت.

کازیوە گیان، تاقانەکەی باوکی، ئاگات لە دایکت بێ دەرمانەکانی بخوات. ئادەی خێرا ئەو مەکینە و ئاوێنەم بۆ بێنە با ڕیشم بتاشم؛ جا بۆ نەورۆز و ساڵی تازە، یەک دەس جلی جوان و کەوشی بەرزت بۆ ئەسێنم.

هەناسەم زۆر توند بووە، گوێم، گوێم ، مام ڕەحمان گوێت لێیە؟...تۆ نایبیسی... ئەها ، ئەها... ئەڵێی بەفر، دەنگی گرمە و هاڕەهاڕەی بەفر. ئای برارۆ... ئای...ئای کازیوە گیان... هەرەس... ڕنوو... هەرەس مام ڕەحمان، یا غەوس یا مەرقەدەکەی...

هەرەس.. لە ماوەی چاوتروکانێکا عەرز و ئاسمان بەیەک گەیشتن؛ بەفر و هەرەس باوەشیان بۆ ڕێبوار و مام ڕەحمان گرتەوە. ئەڵێی شاخ گیانی لەبەرە و لە ئێوارەوە سەیری قەتاری کۆڵبەرەکان ئەکات و هەر جمەیان دێ. ئیتر شاخ تاقەتی دیتنی ئەم هەموو هەوڵ و کۆڕەوەرییەی نەبوو و تەزووی پێدا هات، تەزووەکی تا سەر ئێسقان تاڵ و کتوپڕ وەک بروسکە؛ کڵێڵە بەفری سەرشاخیش کەوتنە سەما و بەرەو دڵە مێهرەبانەکەی ڕێبوار کەوتنە ڕێ... ئاخر دڵی ڕێبوار زۆژۆژۆر گەورە بوو، پان و بەرین بەقەد هەموو ئەم دونیایە.

((هۆکاکی ڕێبوار خۆ منیش ڕێبوارم
خۆ منیش وێنەی تۆ خاڵە دڵ بریندارم))

ئێستا ئیتر ئەختەر لە دەاڵقەی چاوەڕوانییەوە دەڕوانێتە شاخ و فرمێسکی حەسرەت هەڵدەڕێژێ و کازیوە لە سەر بانیجە ڕاوەستاوە و شنەی شەماڵی مانگی گوڵان ئەدا لە پرچ و ئەگریجەکەی و چاوە گەشەکانی بەسراوەتەوە بە ڕێگەی الماڵان و چاوەڕێی هاتنەوەی باوکی دەکا. ئێستا بەجارێ دەنگی سرووەدی «خوایە وەتەن ئاواکەی»ی منااڵنی قوتابخانە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و کازیوە لە سەر تەختە ڕەشی پۆل بە دەستە بچکۆلەکانی دەنووسێ:

بابا نان داد، بابا جان داد.

منااڵ هەموو بە یەکدەنگ هاوار دەکەن:

بابا نان داد، بابا جان داد.

ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو شەوێ تا بەربەیان، قەتارێک ئەستێرەی گەش لە سەر ئاسمانی شاخ ئەدرەوشێنەوە و جمەیان دێ...

هەر جمەیان دێ...

ئەوکاتەی شێتێ تەنیا دەکەوێت

■ موحەمەد دانش

هەر لە منااڵییەوە کەسایەتیی ئەو بەاڵمەوە سەیر بوو، ژنێکی جیاواز بوو، خەیاڵی بەهێز بوو، پیاوانە جوێنی ئەدا، پیاوانە هەڕەشەی ئەکرد، شای بە کاڵیار ئەزانی. حەزی لە شتی جیاواز ئەکرد و زۆر شتی تر ببوە هۆی ئەوەی حەزکەم لێی نزیک بمەوە و بڕێک بیدوێنم.

ئەو هەڵەم بۆ نەڕەخسا تاکوو ئەو سەردەمەی بوومە خاوەنی سووپرمارکێت، ساااڵنێک لەمەوپێش لە نزیک مەیانی بێسارانی مەریوان سووپرمارکێتێکم بوو کە بەڕێکەوت ئەو ماوەیە ببوە ڕێی هاتوچۆی "حەیات". هەموو نیوەڕۆیەک ئەهات بۆ ئەو دەورە و دوای چەقڵەجەنگێی لەگەڵ منااڵە مەدرەسەیی، لە سێبەرێکا لێی دائەنیشت؛ منیش ئەچووم لای و جاروبار ئاوێکی چیاو یان خواردنێکی ترم بۆ ئەبرد؛ ئەمانە بووە سەرەتای پێوەندییەک کە وای لێ هات ئیتر ئەهاتە دووکان و لە پشتی دەغڵ و شوێنی دانیشتنی خۆم بەسەعات دائەنیشت. ئەم دانیشتنەی ئەببوە هۆی ئەوەی بڕێ منااڵ یان گەورەیش سڵیان کردایە لەوەی کە بێنە الم و شت بسێنن؛ کە ئەڵبەت بۆ من فەیزی ئەو زاڵتر بوو لەو چوار قرانە.

باسی شتی جۆراوجۆری بۆ ئەکردم، زۆر وەخت ئەمویست بینووسم یان فیلمی لێ گرم یان لانی کەم دەنگەکانی تۆمار کەم، کەچی نەیەهێشت و پێی ناخۆش بوو، حەزی ئەکرد بە هەموو گیانم تەنیا گوێی بۆ بگرم؛ بۆ هەموو نەهامەتییەکانی، بۆ هەموو ئەو شتانەی کەس گوێی بۆ نەگرتووە یا باوەڕی نەکردووە یا پێیان ڕابواردووە؛ زۆر وەخت قسەی تکراری ئەگێڕاوە، بۆ نموونە چیرۆکی سەعای برای و براژنی دە جار ئەگێڕاوە، بڕێ وەخت ئەگریا، بڕە وەختێ پێ ئەکەنی، ئەگەر منیش پێکەنیمایە تووڕە ئەبوو و هەڵئەساوە بۆم.

جارێکیان بابەتێکم لەسەر نووسی، لە ژێر ناوی "ئەو کاتەی شێتێ تەنیا ئەکەوێت"، خۆیشم چەن وێنەیێکم لێگرت، لە دانەیەکیانا لە الی دووکانەکەما دانیشتبوو وتم بێسە با عەکسێکت لێ گرم، وتی بێسە خۆم عەکسێکم هەیە بزا بە دڵتە؟ ئەو عەکسەی لە گیرفانی سوخمەکەی دەرهانی و منیش وێنەیەکم گرت لە خۆی و وێنەکەی. دواتر بابەتەکە و وێنەکانم لە وێبلاگێکی خۆم دانا؛ گۆڤاری "وارڤین" لە باشوور، ئەو بابەتەی لە وێبلاگەکە هەڵگرتبوو و لە چاپی دابوو. گۆڤارەکەیان بۆ ناردبووم، ڕۆژێ حەیات هات و پێم نیشان دا، وتم ئەها وێنەی تۆیان لە چاپ داوە، سەیری کرد و فرمیەک پێکەنی، لەو پێکەنینانە کە ئەکەوت بە پشتا، ئەچووە دەرۆ و تاوێ دوای ئەوە ئەهاتۆ و تماشایە تری ئەکرد و ئەونەی تر پێ ئەکەنی. چەن ساڵێ دوای ئەوە حەیات لە شار نەما، شار شتێکی کەم بوو، مەریوان بێ حەیات الرەو سەنگ بوو، هاوسەنگییەکەی تێک چووبوو؛ لەم ڕۆژانا هەوالی کۆچی دواییی باڵو کرایەوە، بەاڵم حەیات لەو وەختەی لێرە نەماوە مردووە؛ مەریوان بێ حەیاتی پێوە دیارە و دیار ئەمێنێ.

.....

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بابەتەیە کە ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی نووسیبووم:

لەم ڕۆژگارە خەیاڵ قرانەدا هەموومان مەحکوومین بە ژیانی جدی.

"حەیات سەعا مردووە"

کام مەریوانی هەیە تەنیا بۆ جارێکیش بووبێت ئەو ڕستەیە نەبیستبێت؟ یان لەوانەیشە خۆی وتبێتی!

حەیات پیرەکچێکی هەورامییە کە ساااڵنێکی دوور و درێژە لە مەریواندا ئەژی. ئەو لە دنیایەکی خەیاڵیدا، کە خۆی دروستی کردووە بۆ خۆی ئەژیی. لە دنیاکەی خۆیدا کەسێک بە ناوی سەعا برایەتی و بەو پێیەش براژن و برازایشی هەیە. لە دنیای ڕاستیشدا سەعا هەیە، بەاڵم هیچ پێوەندیەکی بە حەیاتەوە نییە. بەاڵم ئەو هەر سووڕە لەسەر ئەوەی کە سەعا برایەتی. چەند ساڵ لەمەوپێش کەریمیش برای بوو، واتە هەر بەو شێوەی کە سەعای کردبووە برای خۆی، کەریم ناوێکیشی بەبرا دانابوو.

ئەیگێڕنەوە کە گوایە حەیات کاتی خۆی جارێکیان شووی کردووە، بەاڵم شەوی زەماوەندەکەی کاتێ زاوا ویستوویەتی لەگەڵی بخەوێت هاواری کردووە کە خەڵکەکە ئەم کابرایە دەیەوێ ئیشی خراپم لەگەڵ بکات و دواتریش لە دەستی هەڵهاتووە و ئیتر بۆ لەوەودوا حەیات قەد شووی نەکردووە.

پێستێکی ئەستوور و سەوزەی هەیە؛ کاتێ لە کەسێک دەڕوانێ چاوی مژۆڵ دەکاتەوە، ئەڵێی لەگەڵ تۆ ئەدوێت و ناشدوێت یان بەپێچەوانەوە. هەمیشە گلەیی هەیە کە گوایە سەعای برای لێی دەدا، ئەڵێ ئەها قاچم کەوە بووەتەوە، سەیرکە باڵم چی لێ هاتووە... ئەڵێ هەموو ئێوارەیەک سەعا لێم دەدا؛

-ئەزانم هی چیبە! براژنم فێتنەییم ئەکات، ئا هی ئەوەیە ئەگینا کاکە سەعام ئەوەندە خراپ نییە.

تا ئاستی مردن براکەی خۆش دەوێ؛ هەرچیش لێی بدات و ئەزیەتی بکات، هەر خۆشی ئەوێت.

زۆر لەمێژە منااڵنی شار بە هەواڵی درۆیینی مردنی براکەی یان براکانی تووڕەی ئەکەن؛

حەیات، سەعا مردووە! حەیات، کەریم مردووە!

حەیات کاتێ ئەمە ئەبیستێ بە بەرد ئەنێت بەشوێنیانەوە، هەر منااڵێکی بەر پەل بکەوێت لێی ئەدا و دەیکاتە گریان. ئەڵبەت ئەمە تەنها بۆ منااڵن نییە، بەڵکوو گەورەکانیش هەر بەوە تووڕەی ئەکەن، کاتی وا هەیە کە زۆر تووڕە ئەبێ، شیشەی ماڵ و دووکان یان هی ماشین ئەشکێنێت.

بە هاوین و زستان دوو کۆتی لەبەردایە، یەکیان سووڕێکی گەشە و ئەوی تریان نەختێ کاڵتر، هەریەکەو دوو سێ گیرفانی گەورەگەورەی هەیە کە هەمیشە پڕیە لە خواردەمەنی، ئەڵبەت نەک بۆ خۆی، ئەو ئەڵێ بۆ منااڵکانی سەعای ئەبەمەوە. کراسە کوردییەکەی بەری، هەندێ جار ئااڵ و هەندێ جار کەوەیەکی کاڵ. هەمیشە کەوشی پیاوانە لە پێ ئەکات، قاچەکانی زل زل و قڵیش قڵیش وەک قاچی پیاوی فەالە؛ دەستەکانی زبر وەک دەستی کرێکار.

وەک ڕاستییەک، گەورە و چکۆلە و ژن و پیاو و کچ و کوڕی ئەم شارە لە هەر چینێکەوە بگرە لە حەیات ئەترسن. تەنانەت هەموو شێتەکانی تری شار، هەر لەبەر ئەوەیە دایک و باوکان بۆ ترساندنی منااڵەکانیان لە حەیات کەڵک وەر ئەگرن.

- مەڕۆ دەرۆ حەیات لێت دەدا.

- فاڵنەکار مەکە ئەگەرنا حەیاتت بۆ بانگ ئەکەم.

- فاڵن شت نەخۆی یان فاڵن شت بخۆی، ئەڵێم حەیات بێت بۆت.

جا سەیر لەوەدایە ئەو منااڵنەی کە وا دایک و باوکیان بە حەیات ئەیانترساندن ئێستا خۆیشیان منااڵکانیان بە حەیات ئەترسێنن. حەیات بۆ منااڵنی مەریوانی ڕۆڵی گورگانەشەوێی ئەوسا دەگێڕێ. بەدڵنیاییەوە ئەڵێم حەیات دەوری ڕاستەوخۆی هەبووە لە پەروەردەی منداڵانی مەریوانیدا.

لە ناو گەورەکانیشدا حەیات هەندێ جار دەبێتە سەرگەرمی و ڕابواردنی خەڵکانی بازاڕی. ئەوان کاتێ بێکارن حەیات ئەدوێنن و تووڕەی ئەکەن یان تەلەفوونی پێ ئەدەن و ئەڵێن سەعالەوبەری هێڵەوەیە فەرموو قسەبکە، ئەویش هەرکەس لەوبەری تەلەفوونەوە بێت بە سەعای ئەزانێ، بۆیە دەست ئەکا بە قسەکردن و گلەیی و بناشت و زۆر وتەی تر، کاتی وا هەیە دوو کاتژمێر قسەی هەیە بۆ سەعای برای.

حەیات، سەرسەختانە باوەڕی هەیە بە دنیاکەی خۆی؛ لەدرێژەی ئەم دوو دەیەیەدا یەک زەرە گومان ڕەخنەی نەکردووەتە باوەڕەکانی، بگرە دنیاکەشی بەرفراوانتر کردووە؛ بەبڕوای ئەو ئێستا سەعا، هەرزەکار و گەورەکچی هەیە.

بەاڵم ئێستا حەیات پیر بووە، قەیرەکچێکی ماندوو کە لە خەم و خەفەتدا خەریکە بخنکێ. ئاخر ئەاڵین شێت خەفەتی نییە! باوەڕتان بێ حەیات بەقەدەر هەموو دونیا خەفەتی هەیە، خۆ جارانیش هەر بووی بەاڵم لانیکەم خەڵک تاقەتیان بوو گوێ گرن لە وتەی دڵی؛ لانیکەم هاودەورەکانی خۆی هەبوون و دونیایەکی خۆشیان بۆ خۆیان دروست ئەکرد.

حەیات بەمردنی "هەپە" زۆر لێی قەومایە، هەستی بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد و خۆی لە دنیایەکی بێهاوڕێدا بینیی. پەشیمانە، پەشیمانە لەوەی کە ڕاوی دەنا لەم چواردەوڕیان بۆ ئەو چواردەوڕیان، پەشیمانە لەوەی ئەیبەستەوە بە تاڵە دەزوویەک لە بەیانییەوە تا ئێوارە.

تا زەمانێ زەمانی بوو ژن و منااڵ و پیاوی گەڕەکێکی ئەکردە کون؛ جا بۆ کەس ئەیوێرا لە پەنجەرەشەوە فزە بکات! کەی حەیات ئەوەبوو دوو سێ منااڵە سوسول گەمەی پێ بکەن، ئەو لەگەڵ دینارفرۆشەکانی مەیدانی ئیستادیۆم زۆرانی ئەگرت، زیاتر لە٤٠٠ تا ٥٠٠دینارفرۆش لەوێ بوون، کاتێ مەیلی لێ بوایەت هەر هەموویانی بەجارێ ڕاو دەنا و مەیدانی پێ چۆڵ ئەکردن و بەتەنیا ئەمایەوە.

ئاخر حەیات ئەم منااڵورتکانەی ئێستا هاتوون(شێتانی تازە) بەهاوشانی خۆی نازانێت؛ لەڕاستیدا حەیات سەر بەمەکتەبێک بوو کە ئێستا تاق بۆ خۆی ماوەتەوە؛ هەموویان یان مردوون یان تەسلیمی دنیای واقع بوون، یان پیر و پەککەوتە لە ماڵەوە کەوتوون، تەنیا و تەنیا خەریکە ئیدۆلۆژی بیرێک لەگەڵ خۆی ڕادەکێشت، قاچەکانی کفت، لێوەکانی وشک و شانی قورس و هەناسەی بڕاو و ... بێهێز، بێهێز خەریکە ئەڕوات.

بەاڵم ئەمجارە حەیات قەد کەیفی بەچۆڵ کردنی مەیدانەکە نەهاتووە، ڕۆژانە ملی ڕێی زرێبار ئەگرێت و ورتەورت و لەژێرلچەوە بە هەورامی بە باڵی سەعای برایدا گۆرانی ئەڵێت.

ناوی ئاژەاڵن لە پەندی پێشینیان و کولتووری کوردەواریدا
(بەشی یەکەم)

ماموستا ئەحمەد موسەنەفی

پەندی پێشینیان بەشێکە لە کولتور و وێژەی هەر نەتەوەیەک؛ دیارە نەتەوەی کوردیش وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە لەو شتە بێبەری نییە و بەشێک لە ژیانی کولتووریی ئێمە، لە ڕێگەی قسەی نەستەق و پەندەکانەوە، لە ڈەاڵقەی زمان و سازکردنی ڕستەگەلی پڕمانا(چ بەخاس و چ بە خراپ) خۆ دەنوێنێ. بەنیازم لە پێناو پاراستن و هەوڵدان بۆ نەفەوتانی ئەم بەشە لە کولتوور و وێژەی کوردی، لەڕێگای مانگنامەی «چیا»وە هەر جارەو هەندێک لەو پەندانە، بخەمە بەردەستی خوێنەران. ئەوەی کە ئەم کارە لە کۆکردنەوەکانی دیکەی پەندەکان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم پەندانە تەنها ئەو ڕستەگەلە لە خۆ دەگرن کە ناو یان ناوەڵناوی ئاژەاڵنێکی تێدا بەکار هێنرابێت.

پیتی «ئەلف»

ئاخر لە **گایە**، چی بدەم بە گەدایە
ئاخری پیری **تانجی**م پێ دەگری
ئاژەاڵ کە خورا، چ **گورگ** بێ و چ سوار
ئاغەژنی نەشمیلە، خت ناکا لە **پشیلە**
ئەسپ و پاڵەوان، بۆ ڕۆژی مەیدان
ئەسپ و **هێستر** شەڕ ئەکەن، گچکە لە لەوەڕ ئەکەن
ئەسپی بێلەغاو، زین فڕێ ئەدا
ئەسپی چاک، قامچی ناوێ
ئەسپی خەاڵتی، تماشای دیانی ناوێ
ئەمان بێئاگا، ئەو **ئەسپی** زین کردووە
ئەڵێی **ئەسپی** سەرکەشە
ئەسپ کە سەرکەش بێ، زین فڕێ دەدا
ئەسپ کە هی غار بێ، بۆ بار نابێ
ئەسپیان نااڵ ئەکرد، **کەرە**شەل سمی هەڵ ئەبڕی
ئەسپت سەند سواری بە، مەترسە غاری بە
ئەگەر **هەڵوا** دابنی، مێش دەوری ئەدەن
ئەگەر **سەگ** نەبێ، **گورگ** ئەتخوات
ئەگەر بۆزەنیی **سەگ** بە **گورگەوە** بوایە، مردووی لە قەبرا دەر ئەهێنا
ئەو **سەگە** ئەو زنجیرە ناژی لە ملیا
ئەو **کێچ**ە لە گوێتا دەبڕێنە
ئەوا هات و **گا** گووی نەکرد
ئەو دزە و ئەمیش **بزن**
ئەوەی الر سواری **وشتر** بێ ئاخری دائەکەوێ
ئەسپی بۆ زین کردووە
ئەڵێی **ئەسپێی** ناو کەوا کۆنەیە
ئەسپێ لە باخەڵیا سەوزەڵێ خانم ئەڵێ
ئەڵێی چاوە **قرژانگە**
ئەڵێی **پشیلە**ی ناوچێشتخانەیە
ئەڵێی **پشیلە**یە و دووگی بینیوە
ئەڵێی پێ بە سەر **مێلوورە** دائەنێ
ئەڵێی **سەگی** دەرزی خواردووە
ئەڵێی **کتکە**نەوتینەیە
ئەڵێی کوێری **ئەسپێ** لە مشتە
ئەڵێی **کۆاڵرەی** باڵشکاوە
ئەڵێی **کەوی** بنێشتخۆرە
ئەڵێی **گای** بنەیە
ئەڵێی **گایە** و بۆ چەقۆ ئەڕوانێ
ئەڵێی گمیزی **گایە**
ئەڵێێ **گیسکی** قەرزاران نەگرتووە
ئەڵێی **گیسکی** ناودێیە
ئەڵێی لۆتیی **مەیموون** مردووە
ئەڵێی **مانگای** مالوانە
ئەڵێی **مریشکی** کلک هەڵکشاوە
ئەڵێی **مشکی** سەر خەرێنەیە
ئەڵێی **مشکی** سەر تەختە
ئەڵێی **مشکی** ناو جەواڵە
ئەڵێی **مێش** مازووە
ئەڵێێ **ورچی** دەسشکاوە
ئەڵێی ڕۆن **قازی** خواردووە
ئەڵێی ڕۆن **قازی** لێ ئەدەن
ئەڵێی... **کەمتیاری**پێیە
ئەچێ بە قوڕگی **شێرا**
ئێسقان بێ و کەوتبێتە دەمی **سەگ**
ئێسقان شیاوی **سەگە**

پیتی «ب»

با **سەگ** هەر لە مانگەشەو بوەڕێ
باجی **گای** شێت لە **گا**گەل ئەسێنن
باری **کەر** دایم قورسە
باڕێ تفەنگ بنێ لە **کەر، گورگ** ئەیخوا
بایەقوشئەخوێنێ، چۆڵی ئەنوێنێ
باڕێ کە **وشتر** هەڵدەگڕێ مەچۆرە بەری
ببڕێ لە گەل، ئەیخۆن **سەگەل**
بچی بە الی **سەگەل**ا هەر لێت ئەوەڕن
بزمار بە **گای**ە
بزن بای کرد، خۆی بۆ ناگیرێ
بزن بخە ژێر دەسارِ، ناکەوێ لە قارەقارِ
بزن بۆ بێرە، **گاجووت** بۆ گێرە
بزن لە حەیبەتی گیان و قەساب لە حەیبەتی پیو
بزن هەیشە عەیبی ها بەدەرۆ، **مەڕ** جارێ دەرکەوت هێ هێیی لێ کرد
بزن بۆ یەک شەو جێگەی خۆی خۆش ئەکا
بزن نەگبەتی هات، نانی شوان ئەخوات
بزنی گەڕۆڵ، هەر ژمارە تەواو ئەکات
بزنی گەڕ، ڕانێک گەڕ ئەکات
بزن خاوەنی لەگەڵ نەبێ **گورگ** ئەیخوا
بزنێکت ببێ خەمێک هەیە
بزنێک ئەکا بە سەیەقەی ئەو **بزنەکەی** تر
بزنەگەڕ لە دۆی ماڵانیشی کردین
بزنەگەڕ مەقارێنە، چۆڕێ شیرمان بۆ بێنە
بمخوا **گورگی** نیشتمان، ناچمە الی **ڕێوێبی** دەران
بولبول لە ترسی **دااڵ**، چووەتە ژێر درکودااڵ
ببی بە ڕفیقی **بایەقوش**، ئەتبا بۆ کەالوە
بووەتە **پشیلەکوێرەی** ناومااڵ
بووە بە **کەری** سواڵ، مەل دائەژەنێ
بووە بە **مانگای** شیرا
بولبول، زوانی ئەیکاتە قەفەس
بولبول بێدەنگە و کەر ئەسەرێنێ
بولبولی هەرزان، ناخوێنێ
بووەتە **چۆڵەکەی** سەرچاڵ
بوو بە **کەری** نیوەسەڕ
بووەتە **کەڵەشێری** ناو پۆلە **مریشک**
بووە بە **گیسکە**کەی هەیاس
بووە بە **وشترمر**، نە بار ئەبا نە ئەفڕێ
بووە بە **کیسەڵی** ناو بێسان
بووە بە **ماسیی** لەئاوبڕاو
بڕوانە بۆ سکی تێری، بۆ **ئەسپی** ژێری
بۆ **چۆڵەکەی**ەک میگەڵی دا بە **گورگان** خواردن
بۆ **سەگی** دڕ، ڕاوەستە وەک کوڕ
بۆ فرۆ، **بزنی** کەس مەدۆشە
بۆ قرانێک، **سەگ** ڕاو ئەنێ
بۆ **کەڵەشێر** هەڵپەڕین، سەربڕینە و دادڕین

ڕەخنەوڵێکدانەوەی کتێبی «ڕازەومامالێ*»

■ زانیار دەرەخشانی

ئەم چیرۆکە فولکلۆرە کە بە زمانی کوردیی هەورامی و بە شێوەی چیرۆک، دەقاودەق نووسراوەتەوە، بە شێوەیەکی خەتی باس لە سەر پشیلەیەک دەکات کە بە هۆی کارێکەوە(ماس خواردن)، لە لایەن خاوەنەکەی کە پیرەژنێکە، کلکی دەقرتێت و دواتر بە دوای بەدەس هێنانەوەی، تووشی گیر و گرفت دەبێت. ئەم فەزا بە هیچ جۆرێک بیر و بۆچوون و دنیای منداڵی بەلاوە گرنگ نییە و تەنیا لە بیری گێڕانەوەکەی خۆیدایە! من پێم وایە مەترسیدارترین شتیش لە نێو بازنەی کۆمەڵگەیەکدا، گوێ نەدانە بە بیر و بۆچوون و پرسیارەکان! ئیمە کاتێک فەزای فولکلۆر دەخەینە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە کە هاتبێتە نێو ئەدەبیاتی منداڵانەوە؛ لەبەر ئەوەی بە سەر منداڵانەوە کاریگەری دادەنێت!

نیشاندانی وێنەیەکی زۆسادیسم

کێشەی سەرەکیی ئەم چیرۆکە لەو کاتەوە سەرهەڵدەدات کە کەسایەتیی پشیلەکە دەبێتە هێما و وێنەی کەسایەتیی منداڵان! بە پێی وەسفی چیرۆکەکە ئەو پشیلە لە نێو ماڵێکی تەنگ و تاریکدا دەژیی و هیچ کەلوپەلێکی پێویست بە یاری و سەرگەرمی و...تێدا نییە و شوێنێکی زۆر ناخۆشە! جا لەو بارودۆخەشدا، دەبێت ئاگاداری ماڵەکەیش بێت و تەنیا وتاک هەتا ئێوارە کە پیرەژنەکە دێتەوە، دانیشێت! پیرەژنێک بێ ڕەحم و زاڵم کە دەرک و فامی ئەوەی نییە کە ئەو پشیلە بڕسیی دەبێت و دەبێت زوو بگەڕێتەوە! یان لانیکەم پارووەیەک نانی بۆ دابنێت! سامناکترین بەشی ئەم چیرۆکەیش ئەو کاتەیە کە پیرەژنەکە هەر بە بۆن کەمێک ماسەوە، بە تەشوێ کلکی پشیلەی داماو دەخاتە سەر پنەیەک و دەیقرتێنێت! دەوروبەری وێنەکەیش سووڕە و پشیلەکەیش خەریکە دەقیژێنێت!

نیشاندانی وێنەیەکی زۆسادیسم

کێشەی سەرەکیی ئەم چیرۆکە لەو کاتەوە سەرهەڵدەدات کە کەسایەتیی پشیلەکە دەبێتە هێما و وێنەی کەسایەتیی منداڵان! بە پێی وەسفی چیرۆکەکە ئەو پشیلە لە نێو ماڵێکی تەنگ و تاریکدا دەژیی و هیچ کەلوپەلێکی پێویست بە یاری و سەرگەرمی و...تێدا نییە و شوێنێکی زۆر ناخۆشە! جا لەو بارودۆخەشدا، دەبێت ئاگاداری ماڵەکەیش بێت و تەنیا وتاک هەتا ئێوارە کە پیرەژنەکە دێتەوە، دانیشێت! پیرەژنێک بێ ڕەحم و زاڵم کە دەرک و فامی ئەوەی نییە کە ئەو پشیلە بڕسیی دەبێت و دەبێت زوو بگەڕێتەوە! یان لانیکەم پارووەیەک نانی بۆ دابنێت! سامناکترین بەشی ئەم چیرۆکەیش ئەو کاتەیە کە پیرەژنێک

صاحب امتیاز و مدیر مسئول: امید رشیدی | زیر نظر: شورای سردبیری | مدیر هنری: صلاح علمی زاده | ماهنامه کوردی - فارسی | تلفن و نمابر: ۰۸۷ ۳۴۵ ۵۰۹۷۲
روابط عمومی و پذیرش آگهی: ۰۹۱۸۵۱۵۲۴۸۸ | گستره ی توزیع: استان های کوردستان، ایلام، کرمانشاه، لرستان، آذربایجان غربی | نشانی دفتر مرکزی: کوردستان، مریوان،
خیابان مولوی کورد، ساختمان روژ، طبقه ی اول، واحد ۱۰۵، کدپستی: ۶۶۷۱۹۱۵۶۴۰ | ایمیل: chya.govar@gmail.com | چاپخانه: پیام رسانه همدان

ئه‌ی ژن!
به‌ڕاست یه‌کسانبوون،
قه‌ره‌بووی ئه‌و هه‌موو غه‌درانه
ئه‌کاته‌وه
که پیاو لێی کردووی؟!
«شێرکۆ بێکەس»

عکسنامه | دانیال نیکخواه

تلخند

نمی‌دونم شما کجای دنیا زندگی می‌کنید اما من جایی زندگی می‌کنم که نه حقوق منشور داره نه منشور حقوق، نه من حق تو را، نه تو حق او را، نه او حق ما را، نه ما حق شمارا، نه شما حق ایشان را رعایت می‌کنیم جالبه که همین من، تو، او، ما، شما، ایشان این جامعه رو تشکیل دادیم بعد همه دیگران را به بی‌فرهنگی متهم می‌کنیم و خودرامبرا.
عهد بوق، با بوق بوق، ماشین و قوانین رانندگی با مفاهیم مشخصی به جولانگاه بشر راه پیدا کردند این مفاهیم همه جا یک معنا دارند جز در بلادما.
در دیگر بلاد چراغ سبز یعنی حق تقدم با شماست پس بفرمایید.
در بلاد ما: تو که وقت داری از چهارراه رد بشی ولی آروم حرکت کن تا اونای دیگه بمونن پشت چراغ و حرص بخورن.
در دیگر بلاد چراغ زرد یعنی احتیاط کنید در بلاد ما: بوق بوق پاتو بزار رو گاز و رد شو نکنه می خوای پشت چراغ وایسی آهاااااایی...
در دیگر بلاد چراغ راهنما یعنی به ماشین پشت سرت خبر میدی که قصد داری به چه جهتی حرکت کنید.
در بلاد ما: بی کاربردترین قطعه ماشین، همان چراغ راهنماست.
خط عابر پیاده در دیگر بلاد یعنی عابران با خیال راحت از روی خط عبور و از خیابان رد شوند.
در بلاد ما: با حرکات مارپیچی و بامهارت خاصی می‌توانید از بین ماشین ها رد شوید.
کاش یه کم بیشتر همدیگه رو دوست داشته باشیم.

کاریکاتور | ابراهیم ادوایی

چکاد

بانویی به بلندای بیات ماه‌رخی به مانند ماهور خواننده‌ای به لطافت خیال عکاسی از تبار عشاق دف‌نوازی از دیار دل

سی‌وشش سال پیش از دامان پرازگل شیدا صادقی و بیژن کامکار، دختر کودکی چشم به جهان گشود.
هانا، نیروی بینایی خانواده شد، هانا از مادر، مهربانی با طبیعت و از پدر، نوازش روح را آموخت. در دوران کودکی نزد ارسلان کامکار ویلن کلاسیک و در نوجوانی نزد اردشیر کامکار کمانچه را فراگرفت، از سال ۷۱ نوازندگی دایره را شروع و در چندین کنسرت شرکت نمود. سال‌ها بعد شیوه نوازندگی را از پدرش، استاد بیژن کامکار یاد گرفت، اما نوازندگی به‌تنهایی روح هانا را سیراب نمی‌کرد و همین امر سبب شد که به مدت ٤ سال ردیف‌های آوازی را نزد نجمه تجدد بیاموزد.
این وارث خلف خانواده کامکار، در رشته کارگردانی از دانشگاه فارغ‌التحصیل و ساخت سه فیلم کوتاه را بنام‌های «آرام»، «سگی که عاشق شد» و «شهرزاد» را در کارنامه خود دارد «سگی که عاشق شد» به جشنواره راه یافت اما یک روز مانده به اکران متوقف شد، ولی «شهرزاد» در فستیوال فیلم کوتاه ونیز در سال ۲۰۰۹ به نمایش درآمد.
استعداد فراوان هانا در فراگیری هنرهای مختلف وی را بر آن داشت تا عکاسی را نیز نزد اساتیدی همچون بهمن جلالی، محمدحسین فرج و شهریار توکلی بیاموزد حاصل تجربیات این هنرمند درزمینه عکاسی برپایی چندین نمایشگاه انفرادی و گروهی در داخل و خارج ایران بود و در جشنواره‌های داخلی عکس کودک، موج سبز، آینه اهواز، حمایت از حیوانات و مسابقه سالیانه کاپا (عکاسان کانادا) برگزیده شد و همین سبب شد تا عکاسی نمایش‌های زیادی را در کارنامه هنری خود به ثبت برساند.
هانا از سال ۸۲ به عضویت گروه فاخر و جهانی کامکار درآمد و به‌عنوان خواننده، دف‌نواز، عکاس و مسئول روابط عمومی در تهران و شهرهای دیگر ایران و چندین فستیوال جهانی ازجمله وین، هه ولیر، دهوک، سلیمانیه و حلبچه، مادرید، تورنتو، مونتریال و ونکوور، سیاتل، لوس‌آنجلس، سن دیگو، شیکاگو، نیویورک، واشنگتن و سانفرانسیسکو، باربیکن سنترلندن، بروکسل، اوپسالا و گوتنبرگ این گروه را همراهی نموده است. علاوه بر نوازندگی دف و خواندن در گروه کُر آلبوم‌های کامکارها، در آلبوم‌های «نیمه¬شه¬و»، کار مشترک کامکارها و عدنان کریم، «دورتا نزدیک»، اثر هوشنگ کامکار، «ترانه‌های کودکی»، اثر سودابه سالم و گروه ایران‌زمین همخوانی نموده است همچنین در دی‌ماه ۹۵ با ارکستر فیلارمونیک کوردستان همکاری داشته و خوانندگی قطعاتی از این کنسرت را برعهده داشته است. ایشان فعالیت حرفه‌ای نوازندگی و خوانندگی خود را در سال ۷۷ آغاز نمود و در سال ۸۰ در نمایش نیمروز خواب‌آلود در نقش آناهیتا، الهه آب‌ها نقش‌آفرینی نمود و همچنین خواننده این اجرا بود.
هانا کامکار در چند کار به‌عنوان دستیار کارگردان فعالیت داشته است. ایشان از سال ۸٤ به شکل مستقل طراحی موسیقی چندین نمایش را برعهده گرفت و پاییز همان سال در تئاتر روهر دویزبورگِ آلمان که در جشنواره بین‌المللی تئاتر فجر سال ۸٤، برای طراحی موسیقی این نمایش لوح تقدیر این جشنواره جهانی را دریافت نمود. این هنرمند به‌عنوان بازیگر و خواننده در چندین نمایش کار خود را ادامه داد تا سرانجام در سال ۹۳ از خانه تئاتر مدالیوم و لوح بازیگرزن برگزیده آن سال را کسب نمود. زمستان ۹۵ به خاطر طراحی موسیقی و خوانندگی نمایش‌نامه‌های عاشقانه از خاورمیانه نامزد بهترین موسیقی نمایش در جشنواره سی و پنجم شد. هانا با خوانندگی در موسیقی فیلم کوهستان سرد و کوهستان قندیل اثر طاها کریمی و موسیقی فیلم فروشنده اصغر فرهادی درخشش خود را در کارهای هنری ادامه داد.
به مدت ۲ سال به‌عنوان کارشناس هنری با شورای فرهنگی- اجتماعی زنان همکاری داشت و چند سالی به‌صورت داوطلبانه به عکاسی در موسسه خیریه محک مشغول بود تا مقام نخست جشنواره عکس مهر آفرین را دریافت نمود. هانا خاتون، سال ۹۵ عضو شورای سیاست‌گذاری ورکشاپ ملی یک‌صد چهره محبوب سینما-تاتر ایران بود از نوجوانی تحت آموزش‌های مادر و بانو مه‌لقا ملاح به حفظ محیط زیست علاقه‌مند و تاکنون یکی از کنشگرهای جدی محیط‌زیست است تا اینکه در سال ۹۵ با حکم دکتر ابتکار به عضویت شورای سیاست‌گذاری نخستین جشنواره موسیقی سبز درآمد.

خانه‌ی سبز

خانه سبز، دنیای سبز

قرار نیست فقط به خانه خودتان توجه کنید؛ تا خانه‌ای سبز داشته باشید خانه شما مجموعه‌ای از یک دنیای بزرگ است؛ دنیایی که همین یکی است و دارد نابود می‌شود و به همین دلیل باید برای حفظ آن کاری کنید. یکی از چیزهایی که دارد دنیا را نابود می‌کند مواد تجزیه‌ناپذیر هستند و وارد طبیعت می‌شوند:
■ شوینده‌ها: مواد شیمیایی شوینده علاوه بر طبیعت به سلامت خودتان هم آسیب می‌رسانند. تا جایی که می‌توانید از مواد شوینده زیست‌محیطی (جوش‌شیرین -سرکه -نمک و.) استفاده کنید
■ ظروف یک‌بارمصرف: اگر مجبور به استفاده آن هستید از انواع تجزیه‌پذیر آن‌ها خرید کنید. لیوان‌های کاغذی یا ظروفی که با نشاسته ساخته می‌شوند در بازار پیدا می‌شوند.
■ کیسه پلاستیکی: به‌تازگی کیسه‌هایی به بازار آمده که چند بار می‌توانید از آن‌ها استفاده کنید. آن‌ها با چیزی شبیه به زیپ بسته می‌شوند و می‌توانید با شست‌وشو آن‌ها را دوباره استفاده کنید.
■ دستمال‌ها: تا جایی که می‌توانید از دستمال حوله‌ای استفاده نکنید. چند دستمال پارچه‌ای کنار دستتان بگذارید که دائم استفاده و شسته می‌شوند. با این روش هم صرفه‌جویی خواهید کرد و هم تولید زباله را محدود می‌کنید.

سایت انجمن سبز چیا
www.chya.ir
کانال رسمی انجمن سبز چیا در تلگرام
@chya2716

عکس نوشت

عشق ورزیدن به حیات‌وحش در سرزمین زیبایی‌ها - کەڵەکان | عکس: هادی سهرابی پور

مدرسه زیست محیطی - روستای «موسک» | عکس: سمکۆ عظیمی

عشق ورزیدن به حیات‌وحش در سرزمین زیبایی‌ها - وله‌ژیر | عکس: حامد مهرور

اعلامیه‌های جهانی

فرازی از کنوانسیون حذف کلیه اشکال تبعیض علیه زنان

مصوبه ۱۸ دسامبر ۱۹۷۹ مجمع عمومی سازمان ملل متحد

با توجه به منشور سازمان ملل مبنی بر اعتقاد راسخ به اصول پایه‌ای حقوق بشر و برابری خدشه‌ناپذیر حقوق مردان و زنان،
* با توجه به اعلامیه جهانی حقوق بشر که اصل قابل‌قبول نبودن تبعیض را تائید نموده است،
* با توجه به اینکه دولت‌های عضو میثاق‌های بین‌المللی حقوق بشر، متعهد شده‌اند که حقوق برابر مردان و زنان را در بهره‌مندی از کلیه امور اقتصادی، اجتماعی، فرهنگی، مدنی و سیاسی تضمین نمایند،
* با نگرانی از اینکه علیرغم اسناد گوناگون و فراوان، هنوز ادامه تبعیض‌ها علیه زنان وجود دارد،
* با توجه به تغییر نقش سنتی مردان و زنان در جامعه و خانواده، دستیابی به برابری کامل بین مردان و زنان ضروری و لازم است،
دولت‌های عضو مواد زیر را می‌پذیرند:
* عبارت تبعیض علیه زنان، به معنی قائل شدن به هرگونه تمایز، استثناء یا محدودیت (محرومیت) بر اساس جنسیتی است
* دولت‌های عضو، تبعیض علیه زنان را در تمام اشکال آن، محکوم می‌کنند
بدین منظور امور زیر را تعهد می‌کنند:
الف- گنجاندن اصل برابری مردان و زنان در قوانین اساسی‌شان یا دیگر قانونگزاریها
ب- اتخاذ قوانین مناسب و دیگر اقدامات لازم، شامل تصویب مجازات مناسبی، به‌منظور جلوگیری از اعمال تبعیض علیه زنان،
ج - ایجاد حمایت قانونی از حقوق زنان بر مبنای برابری با مردان
د - خودداری از انجام هرگونه اقدام و عمل تبعیض‌آمیز علیه زنان
و - اتخاذ اقدامات مناسب برای تغییر، اصلاح یا فسخ قوانین موجود، مقررات، عادات (عرف) و عملکرد هائی که باعث به وجود آمدن تبعیض علیه زنان می‌باشند،
ح- لغو کلیه مقررات کیفری داخلی (ملی) که باعث به وجود آمدن تبعیض علیه زنان می‌باشند،
* دولت‌های عضو اقدامات مقتضی را که شامل وضع قانون به‌منظور (جلوگیری از) تمام اشکال معامله بر روی زنان و بهره‌برداری از روسپیگری آنان است، به عمل خواهند آورد.
* دولت‌های عضو اقدامات مقتضی برای حذف تبعیض علیه زنان در حیات سیاسی و اجتماعی کشور و ایجاد شرایط مساوی با مردان،
حقوق زیر برای آن‌ها تأمین گردد:
الف: (حق) رأی و صلاحیت انتخاب شدن در تمام ارگان‌های انتخاباتی عمومی
ب: (حق) شرکت در تعیین سیاست‌های حکومت (دولت) و به عهده داشتن پست‌های دولتی در تمام سطوح حکومتی دولتی
* دولت‌ها به‌ویژه تضمین و اطمینان خواهند داد که ازدواج (زن با مرد خارجی) تغییر تابعیت شوهر در طی دوران ازدواج، خودبه‌خود موجب تغییر تابعیت، عدم تابعیت یا تحمیل تابعیت شوهر به زن نخواهد شد.
* دولت‌های عضو به زنان و مردان در مورد تابعیت فرزندانشان حقوق مساوی اعطا خواهند نمود.
* دولت‌های عضو اقدامات لازم و مقتضی را در جهت حذف تبعیض علیه زنان درزمینه‌اشتغال به عمل خواهند آورد:
الف - حق کار به‌مثابه حق جداناپذیری تمام افراد بشر
ب - حق (برخورداری از) فرصت‌ها و امکانات شغلی یکسان
د - حق (دریافت) پاداش یکسان (دستمزد مساوی) ازجمله مزایا نسبت به ارزیابی کیفیت کار و کارهایی که ارزش یکسان دارند.
ه - حق (برخورداری از) امنیت اجتماعی،
* دولت‌های عضو، اقدامات لازم و مقتضی را در جهت حذف تبعیض علیه زنان در تمام مواردی که مربوط به ازدواج و روابط خانوادگی است، به عمل خواهند
الف- داشتن حق یکسان برای (انعقاد) ازدواج
ب- داشتن حق آزادانه و یکسان برای انتخاب همسر و (انعقاد) ازدواج بر پایه رضایت آزاد و کامل دو طرف
ج- داشتن حقوق و مسئولیت‌های یکسان در دوران ازدواج و هنگام انحلال آن
د - داشتن حقوق و مسئولیت‌های یکسان به‌عنوان والدین در موضوعات مربوط به فرزندان، صرف‌نظر از وضعیت زناشویی آن‌ها. در کلیه موارد منافع کودکان از اولویت برخوردار است.
و - داشتن حقوق و مسئولیت‌های یکسان در رابطه با حضانت (سرپرستی)، قیمومیت کودکان و فرزندخواندگی یا رسم‌های مشابه، در کلیه موارد منافع کودکان از اولویت برخوردار است.
ز -داشتن حقوق فردی یکسان به‌عنوان شوهر و زن ازجمله حق انتخاب نام خانوادگی، حرفه و شغل.
ح- داشتن حقوق یکسان برای هر یک از زوج‌ها در رابطه با مالکیت، حق اکتساب، مدیریت، سرپرستی، بهره‌برداری و اختیار اموال
* نامزدی و ازدواج کودکان غیرقانونی است و کلیه اقدامات ازجمله وضع قانون جهت تعیین حداقل سن ازدواج و ثبت اجباری ازدواج در یک دفتر رسمی باید ضروری است.